وەڵام بۆ گومانی ڕافیزەکان

"لەسەر بابەتی شیردان بەپیاوی گەورە"

نووسەر :
ماموۆستا ئوسامە تەوحیدی
ئامادەکردنی : سەرخەری دەوڵەتی ئیسلامی

أم المؤمنين
عائشة
بنت أبي بكر
رضي الله عنها

بسم الله الرحمن الرحيم

ناونیشانی نامیلکە

وەڵام ـی گومانی ڕافیزەکان لەسەر بابەتی شیردان بەپیاوی گەورە

نووسراوی

مامۆستا ئوسامە تەوحیدی -حفظه الله-

ئامادەکردنی

سەرخەری دەوڵەتی ئیسلامی

١٤٤٧ هیجری

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

وەڵام ـی گومانی ڕافیزەکان لەسەر بابەتی شیردان بەپیاوی گەورە گومانەکەشیان لەووەوە سەرچاوە ئەگرێت ئەڵێن عائیشە فەتوای داوە کەئەگەر پیاوێکی گەورە شیری ئافرەتێک بخوات ئەوا ئافرەتەکە ئەبێت بەدایکی و خوشک وبرای ئافرەتەکەش ئەبن بەپور وخاڵی پیاوە شیرخۆرەکـە.

بەڵام لەووەڵامـدا ئەگەڕێینەوە سەر ئەصل ـی بابەتەکە تابزانین خودی بابەتەکە چۆنە و زانایان چیان لەبارەوە وتوە :

ئیمام ـی مالک لە موطأ گێڕاویـەتیەوە لەنافع ـەوە لەسالم ـی کوڕی عبداللە ـوە وتویەتی : (أَن عَائِشَةَ أُمَّ الْمُؤْمِنين، أَرْسَلَتْ بِهِ وَهُوَ يَرْضَعُ إِلَى أُخْتِهَا أُمِّ كُلْثُومٍ بِنتِ أَبِي بَكْرٍ فَقَالَتْ: أَرْضِعِيهِ عَشْرَ رَضَعَاتٍ حَتَّى يَدْخُلَ عَلَيَّ، قَالَ سَالِمٌ: فَأَرْضَعَتْنِي أُمُّ كُلْثُومٍ ثَلَاثَ رَضَعَاتٍ ثُمَّ مَرِضَتْ، فَلَمْ تُرْضِعْنِي غَيْرَ ثَلَاثِ مِرَارٍ، فَلَمْ أَكُن أَدْخُلُ عَلَى عَائِشَةَ مِن أَجْلِ أَن أُمَّ كُلْثُومٍ لَمْ تُتِمَّ لِي عَشْرَ رَضَعَاتٍ) — موطأ مالك (4/870).

عائیشەی دایکی باوەڕداران سالم ـی نارد بۆلای خوشکەکەی خۆی کەناوی ئوم کەلثوم ـی کچی ئەبو بکری صدیق بوو دایکە عائیشە بەئوم کەلثوم ـی وتبوو کە دەجار شیری خۆی بـات بە سالم بۆئەوەی دواتر بۆسالم حەلاڵ بێت کەبچێت سەردانی دایکە عائیشە بکات (و علم لەدایکە عائیشە وەربگرێت) سالم ئەفەرموێ ئوم کەلثوم سێ جار شـیری یامـێ پاشان نەخۆش کەوت جگە لەو سێ جارە شیری نەیامێ بۆیە نەمتوانی بـچم بۆماڵ بۆلای دایکە عائیشە

بەمەبەستی علم وەرگـرتن لێی) چونکە ئوم کەلثوم دەجار شیری نەیـامێ.

دوای باسی چۆنیەتی شیردانەکە ئەکەین بەڵام لەڕیوایەتێکی تردا هاتوە دەری ئەخات کەسـالم منداڵ بوە ئەوکاتە وهێشتا باڵغ نەبوە.

عبدالرزاق بەسەندەوە گێڕاویـەتیەوە لەنافع ـەوە لەسالم ـی کوڕی عبدالله : (أَن عَائِشَةَ زَوْجَ النبِيِّ أَرْسَلَتْ بِهِ إِلَى أُخْتِهَا أُمِّ كُلْثُومٍ ابْنَةِ أَبِي بَكْرٍ لِتُرْضِعَهُ عَشْرَ رَضَعَاتٍ لِيَلِجَ عَلَيْهَا إِذَا كَبِرَ، فَأَرْضَعَتْهُ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ ثُمَّ مَرِضَتْ، فَلَمْ يَكُنْ سَالِمٌ يَلِجُ عَلَيْهَا) — مصنف عبد الرزاق، الصنعاني (7/469).

عائیشە خێزانی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ناردی بـۆلای خوشکەکەی خۆی بەناوی ئوم کەلثـوم ـی کچی ئەبو بەکر بۆئەوەی دەجار شیربات بەسـالم بۆ ئەوەی کاتێ سـالم گەورەبوو بتوانێ بچێت بۆسەردانی دایکە عائیشە بەڵام هەر سێجار شیری یا ودواتر نەخۆش کەوت ئیتر سالمیش نەڕۆشت بۆلای دایکە عائیشە.

زانایـان لەم بابەتە سێ بۆچونن :

یەکەم : بەشێک ڕەدی ئەکەنەوە دایـکە عائیشە شتی وای نەوتوە ونەیفەرمووە شیردان بەکەسی گەورە ئەبێتە هۆی مەحرەم بون.

دووەم : بەشـێک ئەفەرمون پاشگەزنەبۆتەوە بەڵام جیاوازی هەیە لەنێوان شیر پێدان لەگەڵ خواردنی شیر لەڕێگەی دەم خستنە سەر سنگی ئافرەتەکە (لەخوارەوە ئەمە زیاتر ڕوون ئەکەینەوە ان شـاءالله تعالی).

سێهەم : بەشـێک ئەفەرموون ئەو فەتوایەی داوە بەڵام دوواتر پاشگەزبۆتەوە.

١ - ئیمام ـی جصاص لە أحكام القرآن ڕەدی ئەکاتەوە دایکە عائیشە فەتوای نەیاوە کەکەسی گەورە شیری ئافرەت بخوات ئەبێت بەمەحرەم ـی ئافرەتەکە ئەفەرموێت : (عائیشە فەرمانی بە کچ ـی عبدالرحمن ـی کوڕی ئەبوبکر ئەکرد کەشـیر بات بەومنداڵانە بۆئەوەی کاتێ بوون بەپیاو سەردانـی بکەن لێرەوە ئەوە ڕون ئەبێتەوە وتەی ئەو کەسانە وتەیەکی دەگمەن و شازە کە ئەڵێن شیرپێدان بەگەورە ئەبێتە هۆی ئەوەی ببن بەمەحرەم ـی یەکتری) — أحكام القرآن، الجصاص (1/497)

٢ - ووتەی دووەم کەئەڵێن دایکە عائیشە بەجائیزی داناوە پێی وابوە ئەگەر پیاو شیری ئافرەتێک بخوات ئیتر ئەبێت بەمەحرەم ـی ئەو ئافرەتە وە بەڵگەی دایکە عائیشە لەم بارەیەوە ئەوەیە کەئیمام ـی مالک لە الموطأ ئەیـگێڕێـتەوە ئەفەرموێت : ئەبو حوذەیفەی کوڕی عوتبەی کوڕی ڕەبیعە یەکـێک بوو لەهاوەڵانی پێغەمبەر صلى الله عليـه وسلم وە بەشداری جەنگی بەدری کـردبوو وە سـالم ـی کردبوو بەکوڕی خۆی (واتا بەخێوکەری سالم بوە نەک منداڵی هەقیقی خۆی بێت) وەکچۆن پێغەمبەر صلى الله عليه وسـلم زەیدی کوڕی حارثەی کردبوو بەکـوڕی خۆی بەڵام کـاتێ الله تعالى ئایەتی دابەزاند وفەرموی : ﴿ ادْعُوهُمْ لِآبَائِهِمْ هُوَ أَقْسَطُ عِندَ اللَّهِ ۚ فَإِن لَّمْ تَعْلَمُوا آبَاءَهُمْ فَإِخْوَانُكُمْ فِي الدِّينِ وَمَوَالِيكُمْ ۚ ﴾ [الأحزاب : 5] واتا : هەر بەناوی باوکی خۆیانەوە بانگیان بکەن و مەڵێن: (زەیدی کوڕی موحەممەد)، بەڵکو بڵێن: (زەیدی کوڕی حاریس)ـە چونکە لای الله هەر ئەوە پەسەندو دادگەرانەیە خۆ ئەگەر باوکیشیانتان نە دەزانی هەتا بە ناوی باوکیانەوە بانگیان بکەن ئەوە برای

ئایینی و دۆستانن ئەگەر موسڵمان بن وە خۆشەویست و مەولاتانن.

هەربۆیە دوای ئەو ئایەتە ئەومنداڵانەی کەلەلایەن موسڵمانانەوە بەخێو ئەکران ئەدرانە پاڵ باوکی هەقیقی خۆیان بەکوڕی بەخێوکەر ئەژمار نەئەکران لەشەرعدا.

هەربۆیە سەهلەی کچی سوهەیل کەخێزانی ئەبو حوذەیفە بوو هات بۆلای پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ووتی : يَا رَسُولَ اللهِ، كُنا نرَى سَالِمًا وَلَدًا، وَكَان يَدْخُلُ عَلَيَّ، وَأَنا فُضُلٌ وَلَيْسَ لَنا إِلَّا بَيْتٌ وَاحِدٌ، فَمَاذَا تَرَى فِي شَأْنهِ؟ فَقَالَ لَهَا رَسُولُ اللهِ : «أَرْضِعِيهِ خَمْسَ رَضَعَاتٍ، فَيَحْرُمُ بِلَبَنهَا»، وَكَانتْ تَرَاهُ ابْنا مِن الرَّضَاعَةِ،

ئەی رسول الله صلى الله عليه وسلم ئێمە سالم ـمان بەمنداڵی خۆمان دانابوو وە ئەهاتە ژورەوە بۆلام وەک کوڕی خۆم وەئێمەش یەک ماڵمان هەیە (لەڕیوایەتێکی تردا ئەفەرموێ ئەبوحوذەیفە لەسەر دڵی قورسە کە سالم بێتە ماڵەوە چونکە لەشەرعدا حوکم ـی نامەحرەم ـی هەیە بۆمن) ئایا تۆچی بڕیارێ لەبارەیەوە ئەدەیت ئەی پێغەمبەری الله صلى الله عليه وسلم ؟ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووی (پێنج جار شیری بەرێ ئەوا ئەبێتە مەحرەمت بەو شیر پێدانە).

فَأَخَذَتْ بِذَلِكَ عَائِشَةُ أُمُّ الْمُؤْمِنِين فِيمَن كَانتْ تُحِبُّ أَن يَدْخُلَ عَلَيْهَا مِن الرِّجَالِ، فَكَانتْ تَأْمُرُ أُخْتَهَا أُمَّ كُلْثُومٍ بِنتَ أَبِي بَكْرٍ الصِّدِّيقِ، وَبَنَاتِ أَخِيهَا أَن يُرْضِعْن مَن أَحَبَّتْ أَن يَدْخُلَ عَلَيْهَا مِن الرِّجَالِ،

هەربۆیە دایکی ئیمانداران عائیشە دەستی بەم فەرموودەیەوە گرتبوو پێی وابوو هەرپیاوێک بیەوێت بچێت بۆسەردانیکردنی ئەوا فەرمانی ئەکرد شیری ئوم کەلثوم ـی خوشکی بخوات وشیری کچە براکانی بخوات بۆئەوەی ئەو پیاوە ببێت بەمەحرەمی.

وَأَبَى سَائِرُ أَزْوَاجِ النبيّ أَن يَدْخُلَ عَلَيْهِن بِتِلْكَ الرَّضَاعَةِ أَحَدٌ مِن الناسِ، وَقُلْنَ: «لاَ وَاللهِ، مَا نرَى الَّذِي أَمَرَ بِهِ رَسُولُ اللهِ سَهْلَةَ بِنتَ سُهَيْلٍ إِلَّا رُخْصَةً مِن رَسُولِ اللهِ فِي رَضَاعَةِ سَالِمٍ وَحْدَهُ، لَا وَاللهِ لَا يَدْخُلُ عَلَيْنا بِهَذِهِ الرَّضَاعَةِ أَحَدٌ»، فَعَلَى هَذَا كَانَ أَزْوَاجُ النبِيِّ فِي رَضَاعَةِ الْكَبِيرِ»

بەڵام تێکڕای خێزانەکانی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئەمەیان ڕەد کردۆتەوە ووتویانە نەخێر والله ئێمە وای ئەبینین ئەوەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بە سەهلەی کچی سوهەیل ـی وت تایبەت بوو تەنها بەشیردان بەسالم (واتا ڕوداوێکی تایبەتە تەنها بۆسالم حوکمێکی عام نیە بۆهەمو خەڵکی) نەخێر والله ئێمە بەوشیر پێدانە ڕێگە نادەین کەس بێتە ژورەوە بۆلامان لەسەر ئەم بۆچونە بون ژنەکانی تری پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم — موطأ مالك (2/605).

ئایا شیر پێدانەکە چۆن چۆنی بوە ؟

١ - ئیمام ـی ابن قتيبة لە تأويل مختلف الحديث لەڕاڤەی ئەم فەرموودە ئەفەرموێت : أراد رسول الله صلى الله عليه و سلم .. أن يزيل عن أبي حذيفة هذه الكراهة، ويطيب نفسه بدخوله، فقال لها: أرضعيه ـ ولم يرد: ضعي ثديك في فيه، كما يفعل بالأطفال، ولكن أراد: احلبي له من لبنك شيئا، ثم ادفعيه

إليه ليشربه، ليس يجوز غير هذا، لأنه لا يحل لسالم أن ينظر إلى ثدييها، إلى أن يقع الرضاع، فكيف يبيح له ما لا يحل له وما لا يؤمن معه من الشهوة؟.

پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئەیویست ئەو لەسەر دڵ قورس بونەی ئەبو حوذەیفە نەهێڵێت وە دەرونی ئەبو حوذەیفە ئاسوودەبکات لەبەرامبەر سالم بۆیە بەژنەکەی ئەبوحوذەیفەی فەرموو شیری خۆتی بەرێ نەیفەرموو مەمکی خۆت بخەرە دەمیەوە وەک چۆن شیر بەمنداڵ ئەدرێت بەڵکو فەرمووی شیری خۆت ـی بەرێ (لەناو قاپێک یان جامێک) بابیخواتەوە چونکە جگە لەم شێوازە جائیزنیە و دروست نیە چونکە بۆسالم حەڵاڵ نیە سەیری مەمکی ژنەکەی ئەبو حوذەیفەبکات ئەی چجای چۆن حەڵاڵ ئەبێت دەم بخاتە شوێنێکەوە کەئەمین نابێت لەجوڵانی ئارەزوو.

٢ - ئیمام ـی ابن عبد البر ئەفەرموێت : شێوازی شیرپێدان بەگەورە بریتیە لەوەی شیرەکەی خۆی دەربکات ولەشتێکدا پێی بدات تا بیخوواتەوە بەڵام دەم بدات لەمەمکی ئافرەتەکە لەلای تێکڕای زانایان حەرامە وشەرعی نیە.

— (شرح الزرقاني على موطأ الإمام مالك 3/370)

ئیمام ـی الزرقاني ڕیوایەتێک ئەگێڕێتەوە ئەفەرموێت : ابن سعد لە الواقدی لە محمد ـی کوڕی عبد الله لەباوکیەوە گێڕاویەتیەوە ئەفەرموێت : كانت سهلة تحلب فی إناء قدر رضعته، فيشربه سالم فی كل يوم، حتى مضت خمسة أيام،فكان بعد ذلك يدخل عليها وهی حاسر،رخصة من رسول الله لسهلة"

سەهلە شیری ئەکردە ناو دەفرێکەوە سالم ئەیخواردەوە تاماوەی پێنج ڕۆژ

لەدوای ئەوە ئینجا ئەچوە ژورەوە ئەویش لەچکی لەسەر نەبوو ئەمەش مۆڵەتێک بوو لەپێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بۆ سەهلە (واتا ڕووداوێکی تایبەتە وحوکمێکی تایبەتە و گشتگیرنیە).

کەواتا شیرپێدانەکە لەڕێگەی دەمخستن نیە لەسەر مەمکی ئافرەتەکە بەڵکو لەڕێگەی خواردنەوەی شیرەکەیە لەڕێگەی دەفرێ یان پەرداخ ـێ.

پاشان وتەی ٣ - کەئەفەرموون دایکە عائیشە لەو بۆچونەی پەشیمان بۆتەوە پێی وابووە گەورە بەشیرپێدان نابێت بەمەحرەم وە گەڕاوەتەوە بۆ بۆچونی جمهوری صحابە.

چونکە وەک ابن عبدِ البَرِّ ئەفەرموێت جمهوری صحابە پێیان وابوە کەسی گەورە بەشیر پێدان نابێ بەمەحرەم لەوانەش ئیمام ـی عمرـی کوڕی الخطاب، وعلي بن أبي طالب، وعبد الله بن مسعود، وابن عمر، وأبو هريرة، وابن عباس وتێکڕای ژنەکانی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم و لەتابعین الليث، ومالك، وابن أبي ذئب، وابن أبي ليلى، وأبو حنيفة وأصحابه، والشافعي، وأحمد، وإسحاق، وأبو ثور، وأبو عبيد، والطبري» — (الاستذكار، ابن عبد البر (6/256).

له صحيحَي البخاري ومسلم دایکە عائیشە گێڕاویەتیەوە کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی : « فَإِنمَا الرَّضَاعَةُ مِن المَجَاعَةِ » — ([صحيح البخاري (7/10).

واتا : ئەوشیردانەی کەئەبێتە هۆی مەحرەم بون بریتیە لەماوەی ئەو کاتەی کە کەبەشیرخواردن برسێتی ئەشکێت و تێرئەبێت.

ئیمام ـی القرطبي رحمه الله ئەفەرموێت مانای فەرمودەی « إِنمَا الرَّضَاعَةُ مِن الْمَجَاعَةِ » ئەمە چەسپاندنی بنەمایەکی گشتیە کە ڕای ئەگەیەنێت ئەو شیردانەی ئەبێتە هۆی مەحرەم بوون بریتیە لەشیرپێدان بۆکات وساتێک کەشیرپێدەر بەوشیرخواردنە تێرببێت وپێویستی بەخواردن نەبێت وە ئەمەش لەسەرەتای دووساڵی تەمەنی منداڵدایە. — [المفهم لما أشكل من تلخيص كتاب مسلم، القرطبي (4/188)].

کەواتا دایکە عائیشە خۆی ڕیوایەت ئەو فەرموودەیەی کردووە کەئەوفەرموودەیە بنەمایەکی گشتی لەسەر دانراوە بۆیە ناکرێت دایکە عائیشە خۆی پێچەوانەی ئەو ڕیوایەتە بکات کەخۆی گێڕاویەتیەووە ، وە دیسان لەدایکە عائشەوە هاتوە فەرموویەتی : (يَحْرُمُ مِن الرَّضَاعِ مَا أَنبَتَ اللَّحْمَ وَالدَّمَ) — مسند ابن الجعد (ص46). واتا : ئەو شیرخواردنەی ببێتە هۆی گەشەی خوێن وگۆشت بۆمرۆڤەکە ئەوشیرخواردنە مەحرەم بونی لەسەر دروستەبێت.

وە ئەوەش تەنها منداڵ ئەگرێتەوە چونکە منداڵ بەتەنها خواردنی شیر خوێن وگۆشتی گەشە ئەکات گەورە ناتوانێ تەنها بەشیرخواردن گەشە بکات وفیتامین وەربگرێت بەڵکو گەورە تەنها شیربخوات لەبرِی گەشە ئەپوکێتەوە کەواتا دایکە عائیشەش پێی وایە شیردان بەکەسی گەورە نابێتە هۆی مەحرەم بون.

وە ئیمام ـی مالک زاناترین کەس بوە بەئەهلی مەدینە و دایکە عائیشە ئەفەرموێت : إِنمَا كَان ذَلِكَ رُخْصَةً مِن رَسُولِ اللهِ وَلَمْ يَعْمَلِ الناسُ مِن بَعْدِهِ، وَلَوْ كَان عَلَيْهِ الْعَمَلُ لَعَمِلَ بِهِ الناسُ بَعْدَهُ. — (مسند الموطأ للجوهري (ص172)

ئەو مۆڵەتی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم یایی بەسەهلە کەشیربات بەسالم ئەمە مۆڵەتدانێکی تایبەت بوو بەوان هیچ کەسێ پاش پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئەنجامی نەیاوە ئەگەر حوکمێکی گشتی بوایە ئەوا خەڵکی تریش لەپاش ئەو ئەنجامی ئەیا.

لەوانەیە بپرسیت هەرخودی ئیمام ـی مالک لەڕیوایەتەکەی ئیمام ـی زوهری کەلەسەرەوە باسمان کرد گێڕایەوە کەدایکە عائیشە دەستی گرتوە بەو فەرمودەیەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەربارەی شیردان بەسالم پێی وابوە ئەوە بەڵگەیە لەسەر دروست بونی مەحرەمیەت بەشیردان بەکەسی گەورە.

لەوەڵامدا ئەڵێین : ئیمام ـی مالک تەنها نەقڵی قسەکەی زوهری ئەکات کەفەرموی دایکە عائیشە پێی وابوە مەحرەم بون دروست ئەبێت بۆکەسی گەورەش لەڕێگەی شیرپێدانەوە نەک وەک ئەوەی اعتمادی بکاتە سەر چونکە ئیمام ـی مالک خۆی ڕەدی کردۆتەوە خەڵکی شیردانیان بەگەورە وەک حوکمێکی گشتی سەیرکردبێت وە وتەکەی ئیمام ـی زوهری بەمرسل داناوە اعتمادی نەکردۆتە سەر تەنها گێڕاویەتیەوە چونکە الحافظ العراقي ئەفەرموێ : ئیمام ـی مالک لەنوسینەوەی الموطا بەمەرج ـی دانەناوە تەنها ڕیوایەتی صحیح ـی تێدابنوسێت بەڵکو ڕیوایەتی مرسل ومنقطع ـیشی تێدا نوسیوەتەوە. — (التقييد والإيضاح شرح مقدمة ابن الصلاح (1/25).

وە ئەو ڕیوایەتانەی هاتون لەبارەی دروست بونی مەحرەم بون لەڕێگەی

شیردان بەکەسـی گەورە لەسەنەدەکانیان کێشەهەیە منقطع ومرسل و وەهم ـی ڕاوی ..هتد.

کەواتا بەپوختی :

١ - ئەگەر دایکە عائیشە بڕواشی وابوبێت ئەوە بەڵگەی بەفەرمودەکەی سەهلەی کچی سوهەیل هێناوەتەوە واتێگەشتوە ئەمە حوکمێکی عامە وە شێوازی شیرپێدانەکەش لەڕێگەی ئەوەوەیە شیرەکە بکرێتە ناو دەفرێ یان پەرداخێک هەندێ لەزانایان پێیان وایە ئەم فەتوایە بەبەڵگەی سەحیح نەسەلمێنراوە لەدایکە عائیشەوە بەڵکو وتەی هەندێ لە زاناکانە وهەندێ لەزاناکان ئەو فەتوایە ئەدەنە پاڵ دایکە عائیشە وبەسەحیح ـی ئەزانن.

بەڵام هەندێ لەزانایانی تر بەسەحیح ـی نازانن بەڵکو پێیان وایە ئەوەی بەسەحیح ـی هاتوە ئەوە کە دایکە عائشە بەخوشکەکەی خۆی فەرموو شیریان بەرێ بۆئەوەی کەگەورەبون بێن سەردانم بکەن حوکمەکە تایبەتە بەمنداڵ نەک گەورە.

٢ - دایکە عائیشە سەرەتا پێی وابوە کەسی گەورەش لەڕێگەی شیرەوە ئەبێت بەمەحرەم بەڵام لەو بۆچونە پاشگەزبۆتەوە دواتر وتویەتی مەحرەم بون تەنها بۆمنداڵە لەڕێگەی شیرەوە.

الحمد لله رب العالمين